# ٢٥ نۆڤەمبەر، ساڵڕۆژی جیهانیی تێکۆشان بۆ بەرلێگرتن و وەستاندنی توندوتیژی دژ بە ژنان

لایەنێک لە مێژووی چەوساندنەوەی ژنان، بێ لە وەرگرتنی کەڵکی بەرئاوەژوو لە کار و ڕەنجیان، لێدان و ئازاردان و سووکایەتیی پێکردنیانە تا دەگاتە شێوەی زۆر خراپ لە کوشتن. سەدەدەی دووازدەهەم لە ئوروپای مەسیحیدا بە ڕەسمیی دەست بە سووتاندنی ژنان بە تاوانی پیرهەڤۆکی و ساحیری کرا. دۆکۆمێنت زۆرن دەیسەلمێنن کە زۆرینەی ئەو ژنانە ئەوانە بوون کە هەژار و نەدار و بێکەس بوون.

هەموو ژنێکی ڕووخۆش و دەم بە خەندە و پێکەنین، هەموو ژنێکی سەربەرز و یاخی و خۆبەدستەوەنەدەر مەترسیەک بوو دژ بە دەستەڵاتی خودا و کڵێسا و پادشایەتی ئەو سەردەمە.

دۆکۆمێنت زۆرن دەیسەلمێنن کە لە زۆرینەی جەنگەکاندا ژنان و منداڵان لە قوربانیە یەکەمینەکانن.

لە سەردەمی فاشیزمدا لە ئەڵمانیا ئەو ژنە ئەڵمانیانەی کە هاوسەری پیاوی جوو بوون نەدەگیران و ڕەوانەی کوشتارگاکان نەدەکران، بەڵام لەقەبی "قەحبە بۆ جوو"یان بەسەردا سەپێندرا. نازیستەکان دەیانزنی چۆن ئەو ژنانە ئازار بدەن. لە جیاتی ئەوەی بە یەک جار کۆتایی بە ژیانیان بهێنن، ڕۆژی سەد جار، لە شێوەی سووکایەتیپێکردن و پاڵپێوەنان و دەرکردن و شەق تێهەڵدان و پێ پێکەنیندا، دەیانکوشتن.

ژنانی ئەو نەتەوانەی بندەستن بەش مەینەتی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکن. ژنانی کورد نموونەیەکی بەرچاون لە ژنانی نەتەوەی بندەست. شێوەکانی چەساندنەوە هەر ئەوە نیین کە هەموو بوارەکانی ژیان بگرنەوە، بەڵکو ئەوەیش هەن کە زۆر بێبەزەییانە و بێشەرمانە ئازار دەدرێن.

خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان هێشتا لەو ئاستەدا نییە کە بە مانای ژیانێکی باشتر و فەراهەمکردنی ژیانێکی بەرابەرتر و یەکسانتر بێت بۆ ژنانی کورد. ئەوانەی بەشداریی ئەو خەباتە دەکەن پێویستە سەرسەختانە و ماندوونەناسانە ئازادی و ڕزگاریی خەڵکی کوردستان بە ئازادیی و ڕزگاریی ژنانی کوردستانەوە گرێ بدەن. پیاوانی کورد بەئەژمارن کە بە هەموو شێوەیەک و لەسەر زۆر ئاست هەموو جۆرە نارەواییەتیەک دژ بە ژنی کورد ئەنجام دەدەن.

ئەوە ڕاستییەکە لە زۆرینەی گوند و شارۆچکە و شاردا دەبینرێت.

ژنانی کورد ئەو کاتەیش لە جەنگی لێدان و کوشتن دەرباز نابن کە کوردستانیش بەجێدەهێڵن.
چەوساندنەوەکە بە دوایانەوەیە و لە کۆڵیان نابێتەوە.
لە زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان پێک دەهێنن چەوساندنەوەی ژنان لە ئاستێکدایە کە نابێت قابیلی قبوڵ بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر لە پیاوانی نوێنەری ئەو دەوڵەتانە لە ساڵرۆژی دژایەتیکردنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ڕادەوەستن و دیفاع لە ژنان دەکەن.
ئەو ساختەبازییە هەم لەسەر ئاستی دەوڵەت هەیە و هەم لەسەر ئاستی ڕێکخراوە و تاکەکەسیش. تەنانەت ڕێکخراوی ژنان هەن کە بە ناو هی ژنانن، بەڵام لە ڕاستییدا سەر بە ڕێکخراوگەلێکی سیاسیین کە نەزمی چەوساندنەوەی ژنان دەپارێزن.
ئەو ژنانەی لەو جۆرە ڕێکخراوانەدا کار دەکەن بەشێکی گرینگ لە سیستەمی پیاوسالاریی و سەردەستسالاریین. بە ڕواڵەت و لەش لە ژن دەچن، بەڵام لە عەمەلدا پیاوێکی خراپن.

ئەمڕۆ ئێمە داوا لە هەموو پیاو و ڕێکخراوەیەک دەکەین کە لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن، لە نێزیکترین ئەو ژنانەوە دەست پێبکەن کە بستێک لێیانەوە دوورە.
خەباتی ژنان خۆیان دژ بە شێوەکانی چەوسانەوەیان خۆشبەختانە مێژووی سەربەرزیی و شانازیی بۆ خۆی تۆمار کردووە و دەستکەوتگەلێکی زۆری لێکەوتووەتەوە. بەڵام هێشتا ئەو دەستکەوتانە لەو ئاستەدا نیین کە ژنان بەشێک لە دەستەڵاتی سیاسی بن و بتوانن لە هەموو بوارێکی یاسایی و جێبەجێکردنەوە ڕێگا لە توندوتیژیی دژ بە ژنان بگرن. ئەڵبەت نیشانە فرەن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە خەباتی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ هەم زیاتر پەرە دەستێنێت و هەم بواری جیاوازتریش دەگرێتەوە.
ئەو پیاوانەی نایانەوێت بەشێک لەو چەوساندنەوەیە بن و ئەو سووکایەتیە بە خۆیان ناکەن کە خودئاگا لە چەوساندەوەکەدا بەشدار بن دەبێت هەرچی زووە بە هەموو شێوەیەک و تا دەکرێت، بێ هیچ مەرج و پاساوهێنانەوەیەک بۆ بەشدارنەبوون، لە کرداردا دژ بە هەموو جۆرەکانی چەوساندەوەی ژنان بن و لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن. وەکو ئەوەیش گرینگ ئەوەیە کە بە مەرجی ژنان بکەن، نەک خۆیان.
ئێمە دڵنیاین کە ژنان لەو خەباتەدا سەرکەوتوو دەبن.
ئەوانەی دەیانەوێت بەشێک لە مێژووی ئەو سەرکەوتنە بن دەبێت لە ڕیزی ژنانی تێکۆشەردا بووەستن.

٢٤ی نوامبری ٢٠١٠
٤ی سەرماوەزی ١٣٨٩

کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

هاوڕێ سەبری بەهمەنی لە وتاری مەراسیمی تێکۆشان دژ بە توندوتیژیی بەرانبەر بە ژنان لە کوردستان

٢٠١٠/١١/٢٤

